# ئیثار و ئیثار گەران لە قورئان وسوننەتی پێغەمبەری خوادا

[ كردي – کوردی – kurdish ]

**نووسەر : زاگرۆس هەمەوەندی**

**پێداچوونەوە : پشتیوان سابیر عەزیز**

2009 - 1431

islamhouse.com

# ﴿الإيثار في القرآن والسنة﴾

« باللغة الكوردية »

إعداد : زاكروس هموندي

مراجعة : بشتيوان صابر عزيز

2009 - 1431

islamhouse.com

# ئيثار و ئيثار گەران لە قورئان وسوننەتی پێغەمبەری خوادا

سوپاس وستایش بۆ ئەو خوایەی کە خاوەنی ئەو هەموو ناز ونیعمەتانەیە کە ڕشتویەتی بەسەر بەندەکانیدا لەسەروو هەموویانەوە نیعمەتی ئیمان و ئیسلام، وە درودی نەپراوەش بۆ سەر گیانی ئەو پێغەمبەرەی کە نموونەی ڕەوشت بەرزیە بۆ تەواوی مرۆڤایەتی، وە بۆ گیانی سەرجەم هاوەڵە بەڕێزەکانی کە بە ئەخلاق و سلوکی جوانیان ئیسلامیان گەیاندە ڕۆژ هەڵات و رۆژ ئاوا .

خۆشەویستان ئەم جارە دەمانەوێت باسی یەکێکی تر لەو ڕەوشت و ئاکارە جوانانەتان بۆ بکەین کە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) زۆر پێداگریان لەسەر کردوە و ئیماندارانیان بۆ هانداوە، ئەویش ڕەوشت و ئاکاری بەرزی ( ئیثار کردن ) ە، جا ســەرەتا با بزانین مەبەســت لەم ڕەوشتە بەرزە چیە ؟

ئیثار لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا بە مانای ئەوە دێت : مرۆڤی باوەڕدار پێداویستی برا باوەڕدارەکەی پێش بخات بەسەر پێداویستیەکانی خۆیدا، هەرچەندە خۆیشی زۆر پێویستی پێ بێت، بەشێوەیەك کە خۆی تینووی دەبێت لەپێناو ئەوەی براکەی تینوێتی بشکێت یان خۆی برسی دەبێت تاوەکو برسیەتی براکەی نەهێڵێت .

خوای گەورە لەبارەی ئەم ڕەوشت و ئاکارە جوانەوە فەرموویەتی : **( ويؤثرون على أنفسهم ولو كان بهم خصاصة ومن يوق شح نفسه فأولئك هم المفلحون )** { الحشر: 9} واتە : فەزڵی ئەوان دەدەن بەسەر خۆیاندا هەرچەندە هەژارو نەداریشن، جا ئەوەی خۆی لە نەفسی ڕەزیلی بپارێزێت و زاڵ بێت بەسەریدا، ئا ئەوانە هەر سەرفرازن.

خوای گەورە ئەم ئایەتەی لە وەصف ومەدحی یاریدەرەکان ( ئەنصارەکان ) ی مەدینە ناردە خواردەوە، کاتێك برا کۆچەریەکانیان لەشاری مەککەوە کۆچیان کردبوو بۆ شاری مەدینە وهەموو ماڵ و سامانی خۆیان لەبەر ڕەزامەندی پەروەردگار و خۆشەویستی پێغەمبەری خوا لەمەککە بەجێهێشتبوو، یاریدەرەکانی مەدینەش بەهێزی ئەو ئیمانەی کەچوبویە ناو دڵ و دەروونیانەوە هەموو ماڵ و سامانی خۆیان کرد بەدوو بەشەوە لەگەڵ برا کۆچەریەکانیان، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو هەندێکیان کە دوو ژنیشیان هەبوو ئامادە بوون کە دەست لە دانەیەکیان هەڵبگرن و تەڵاقی بدەن بۆ براکەیان، بەڵام وە نەبێت ئەم هەڵوێستە جوامێرانەیان تەنها موجامەلەی مەجلیس وروپامایی بوو بێت، نەخێر بەڵکو لەناخی دڵیانەوە هەڵدەقوڵا هەر بۆیە خوای گەورە شایەتی ئەو ڕاستی یەیان بۆ دەدات لەو ئایەتەی سەرەوەی کە باسمان کرد، لەبەرامبەریشدا موهاجرەکان سوپاسی هەڵوێستی براکانیان دەکرد و تەماحیان نەبوو بە سەروەت و سامانیان بەڵکو داوای ئەوەیان دەکرد کە بازاڕیان پیشان بدەن تاوەکو بەرەنجە شانی خۆیان بژین و نەبن بەئەرك بەسەر کەسەوە .

جا لەبەر ئەوە باوەڕداری ڕاستەقینە ئەو باوەڕدارەیە کە ئیمان و باوەرەکەی بگاتە ئەو پلەیەی کە هەرچی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ برا باوەڕدارەکەشی خۆش بوویت، وەك پێشەوای ئازیزمان لەفەرموودەیەکی صەحیحدا فەرموویەتی : ( لا يؤمن أحدكم حتى يحب

لأخيه ما يحب لنفسه ) { متفق عليه } واته : یاوەڕی هیچ کەسێك تەواو و کامڵ نابێت هەتا ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ براکەشی پێی خۆش نەبێت .

نەك هەر ئەوەندە بەڵکو لەوەش زیاتر ئەگەر هاتوو براکەی پێویستی بەشتێك هەبوو پێداویستیەکەی جێ بەجێ ئەکات ئەگەر هاتوو دەرکردنی ئەو پێداویستیە بە شتێکیش دەبوو کە موڵکی خۆی بوو لەگەڵ ئەوەشدا خۆیشی پیویستی پێی هەبوو .

دایکی باوەڕداران حەزرەتی عائیشە ( خوای لێ رازی بێت ) لە وەصف ومەدحی پێغەمبەری خوادا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : ( ما شبع رسول الله صلى الله عليه وسلم ثلاثة أيام تباعا ، من خبز بر ، حتى مضى لسبيله ) { رواه مسلم بەژمارە فەرموودەی 2970} واتە : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) سێ رۆژ لەسەر یەك تێر سکی خۆی نانی گەنمی نەخواردووە هەتا ئەو کاتەی گەشتە کاروانی خۆی – واتە هەتا ئەو کاتەی لە دونیا دەرچوو- .

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پێغەمبەری خوا لە ڕەوشتی بەرزی ( ئیثار ) دا لەپێشی پێشی هەموو کەسەوە بووە، چونکە ئەگەر بیویستایە هەموو شتێکیان بۆ ئامادە دەکرد، بەڵام هەمیشە ئەو پێشەوا ڕەوشت بەرزە ژیان وخۆشیەکانی قیامەتی پێش خستووە بەسەر مەلەذات وخۆشیەکانی دونیادا، ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردوە کە(جاءت امرأة إلى الرسول صلى الله عليه وسلم، وأعطته بردة هدية، فلبسها صلى الله عليه وسلم، وكان محتاجًا إليها، ورآه أحد أصحابه، فطلبها منه، وقال: يا رسول الله، ما أحسن هذه.. اكْسُنِيها. فخلعها النبي صلى الله عليه وسلم وأعطاها إياه. فقال الصحابة للرجل: ما أحسنتَ، لبسها النبي صلى الله عليه وسلم محتاجًا إليها، ثم سألتَه وعلمتَ أنه لا يرد أحدًا. فقال الرجل: إني والله ما سألتُه لألبسها، إنما سألتُه لتكون كفني ) واتە : ئافرەتێك پشتە ماڵێکی بە دیاری دا بە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) کە پێغەمبەریش زۆر پێویستی پێی بوو، لەم کاتەدا یەکێك لە هاوەڵان ئەمەی بینی وداوای کرد لە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) کە بیداتێ ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا چەندێك جوانە ! بیکەرە بەری من، پێغەمبەریش لەبەر خۆی داکەند وبەخشی بەو هاوەڵە، هاوەڵەکانیش کە ئەمەیان بینی لۆمەی ئەو کەسەیان کرد و ووتیان : شتێکی باشت نەکرد، چەنکە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) خۆی پێویستی بوو، کەچی تۆش داوات لێکرد و دەیشزانیت کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) داوای کەس ڕەد ناکاتەوە، ئەمجا ئەو هاوەڵەی کە داوای پشتە ماڵەکەی کردبوو ووتی : سوێند بێت بەخوا لەبەر ئەوە داوام نەکرد کە لەبەری بکەم، تەنها لەبەر ئەوە داوام لیکرد کە بیکەم بە کفنی خۆم .

هەروەها لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە : جاء رجل جائع إلى الرسول ( صلى الله عليه وسلم ) وهو في المسجد وطلب منه طعامًا فأرسل ( صلى الله عليه وسلم ) ليبحث عن طعام في بيته فلم يجد إلا الماء فقال رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) : من يضيف هذا الليلة ( رحمه الله) فقال رجل من الأنصار: أنا يا رسول الله وأخذ الضيف إلى بيته ثم قال لامرأته: هل عندك شيء؟ فقالت: لا إلا قوت صبياني فلم يكن عندها إلا طعام قليل يكفي أولادها الصغار فأمرها أن تشغل أولادها عن الطعام وتنومهم وعندما يدخل الضيف تطفئ المصباح وتقدم كل ما عندها من طعام للضيف ووضع الأنصاري الطعام للضيف وجلس معه في الظلام حتى يشعره أنه يأكل معه وأكل الضيف حتى شبع وبات الرجل وزوجته وأولادهما جائعين وفي الصباح ذهب الرجلُ وضيفه إلى النبي ( صلى الله

عليه وسلم ) فقال للرجل: ( قد عجب الله من صنيعكما بضيفكما الليلة ) ونزل فيه قول الله تعــالى: ( ويؤثرون على أنفسهم ولو كان بهم خصاصة ){ رواه مسلم } .

واته : پیاوێکی برسی هاته خزمەت پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) كە لە مزگەوت دانیشتبوو داوای نان وخواردنی لێکرد، ئەمجا کەسێکی نارد بزانێت لەماڵی خۆیان چی هەیە بۆی بهێنیت، کەچی لەماڵی پێغەمبەری خوا هیچ دەست نەکەوت بیدات بەو پیاوە برسیە ئاو نەبێت، پاشان پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی بە هاوەڵەکان : کێ لە ئێوە ئەتوانێت ئەمشەوە میوانداری ئەم پیاوە بکات خوا ڕەحمی پێ بکات، کەسێك لە ئەنصارەکان هەستا و ووتی من ئەی پێغەمبەری خوا، پاشان کابرای بردەوە بۆ ماڵەوە و ووتی بە خێزانەکەی چیت لاهەیە بیدەین بەم پیاوە؟ ئەویش ووتی : تەنها قووت و خواردنی مناڵەکان هەیە، هەندێك خواردنی کەمی لابوو کە تەنها بەشی مناڵە بچووکەکانی خۆی دەکرد، پاشان خاوەن ماڵەکە فەرمانی کرد بەخێزانەکەی کە مناڵەکانی مەشغوڵ و سەرگەم بکات وبیانخەوێنێت وکاتێکیش کە میوانەکە هاتە ماڵەوە چراکە بکوژێنێتەوە وپاشان هەرچیەکیان هەیە بیخاتە بەردەم میوانەکە، خاوەن ماڵی ئەنصاریش خواردنەکەی خستە بەردەم میوانەکەیان وخۆیشی لەگەڵیدا دانیشت بۆ ئەوەی میوانەکەی وا هەست بکات کە ئەویش لەگەڵیدا نان دەخوات، میوانەکەیش نانی خوارد هەتاوەکو تەواو تێر بوو، خاوەن ماڵ و خێزان و منالەکانیشی ئەو شەوەیان بەبرسێتی بردە سەر، بۆ سبەینێ کە خاوەن ماڵ و میوانەکە چوونەوە خزمەت پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پێغەمبەر فەرمووی : خوای گەورە سەری سوڕما لەو کارەی ئەمشەو تۆ و خێزانەکەت کردتان بەرامبەر بە میوانەکەتان، ئەمجا خوای گەورە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە : ( ويؤثرونعلى أنفسهم ولو كان بهم خصاصة ) واتە : فەزڵی ئەوان دەدەن بەسەر خۆیاندا هەرچەندە هەژارو نەداریش بن وخۆشیان زۆر پێویستیان پێی هەبێت .

ئەگێڕنەوە کە حوذەیفەی عەدەوی لەغەزای یەرمووکدا لەناو بریندارەکاندا دەگەڕا بە شوێن ئامۆزایەکەیدا، کاتێك سەیری کرد بینی کە بریندار بووە، حوذەیفە جەوەنەیەك ئاوی پێ بوو، ووتی بە ئامۆزاکەی ئایا ئاوت بدەمێ؟ ئەویش ووتی بەڵێ، لەو کاتەدا کە وویستی ئاوەکەی بداتێ بریندارێکی تر ئاهـ وهاواری بوو لەتینواندا، ئەمجا ئامۆزاکەی حوذەیفە ووتی بە حوذەیفە کەبچێت ئاوەکە بدات بەو بریندارەی تر کە ئێش وئازاری هەیە، حوذەیفەش کە ڕۆشت سەیری کرد ئەوە هیشامی کوری عاصە، لەو کاتەدا کە ویستی ئاوەکە بدات بە هیشام بریندارێکی تر ئاهـ وهاواری بوو لەئێش وئازار و تینواندا، بۆیە هیشام ئیشارەتی کرد بە حوذەیفە کە بچێت ئاوەکە بدات بەو بریندارەی تر، حوذەیفەی ڕۆیشت کە ئاوەکە بدات بەو بریندارەی تر تا گەشتە سەری گیانی دەرچوو مرد، بە جەوەنە ئاوەکەوە گەڕایەوە بۆلای هیشام بینی ئەویش وەفاتی کردوە، تا گەڕایەوە بۆ لای ئامۆزاکەشی ئەویش گیانی دەرچوو بوو.

بەڵێ خۆشەویستان ئاینی پیرۆزی ئیسلام تاکی ئا بەو شێوە پەروەردە دەکات بۆ کۆمەڵگە ئامادەیە لەپێناو سەربەرزی ئاینەکەی وئاشتی و ئارامی ووڵاتدا سەر وماڵی ببەخشێت، تەنانەت لەکاتی سەرە مەرگیشدا کە ئاو خۆشترین شتێکە کە بریندار داوای دەکات واز لەئەویش دەهێنیت بۆ براکەی ، صەد ڕەحمەت لە گیانی پاکی ئەو کەڵە پیاوانەی کە بە جوهد و تیکۆشان و شەونخونی ولێبڕاوی خۆیان ئەو مێژووە پڕ لەسەروەرییەیان تۆمار کرد وئەو ئاینە پیرۆزەیان دەست بەدەست گەیاندە ئێمە .

درود  وڕەحمەتی فراوانیش جارێکی تر بۆ سـەر گیانی پێشـەوای مرۆڤایەتی کە بە سـوننەت وڕەوشـت و ئاکارە بەرزەکانی پیاوانی لەو جۆرەی پەروەردە کرد بۆ ئیسـلام و موسـڵمانان .

والسلام عليكم ورحمه الله وبركاته .